# یادێك لە ئەندامانی بنەماڵەی قازی          تاهیر علیار

ئەو وتارە لە کۆڕ یادێک کە ڕۆژی 20.06.2015 ئەندامانی بنەماڵەی قازی لە وڵاتی سوئێد بۆ ڕێزلێنان لە کاک ئەحمەدی قازیان دانابوو پێشکەش کراوە.

سەرووەرە بەرێزەکان ، لە کۆڕی ڕێز لێنان و ستایشی خۆشەویستێک دا کۆ بووینەتەوە کە گەوهەری درەوشاوەی تاجی ئەدەبیات و گوڵی نێو گوڵزاری زەوق و ئەندێشە و ئاوێنەی باڵا نوێنی وسعەتی بیر و قودرەتی تەخەیولی ڕووناکبیری کوردە.

ئەو جێ و ڕێیەشی لە ڕێگای تێکۆشانی بێ وچانی تەمەنی پڕ لە بەرهەمی و ئەو ئاسەوارە بە نرخانەی کە بۆ نەتەوەکەی بە جێ هێشتوە بۆ خۆی دەستە بەر کردوە.

هۆش و زیرەکیی کەم وێنە ، قەریحەی زاتیی تێکەڵ دەگەڵ دانش و عیلم و خەباتی ژیرانە لە دژی ئیستبداد و زوڵم لە درێژایی ژیانی پڕ لە فەراز و نشێویدا و زیاتر لە شێست ساڵ حوزوور لە مەیدانی ئەدەبدا کەسایەتێکی کەم وێنەی لێ دروست کردوە. دەڵێی هەست کردن بە ماندوویی لە نیهادی دا خەڵق نەکرابوو یان دەڵێی وای خۆ بە قەرزداری نەتەوەکەی دەزانی کە پێی وابوو وچانێکی کورتیش ، لە سەر مەنزڵی موقسوود دووری دەکاتەوە دەنا چۆن دەکرێ ئەو هەموو بەرهەمە لە نووسینی کتێبی ڕێزمانی کوردیەوە بگرە تا نووسینی مێژووی کوردستان لە دووهەزارساڵ پێش مەسیحەوە تا دووهەزارساڵ دوای مەسیح کە ئاخرین بەرهەمی چاپکراویەتی، وەرگێڕانی ڕومانی دون کیشۆت ، تەسحیحی بیرەوەری ،نووسینی داستان وسەردەبیریی گۆواری سروە و ئەو هەموو ڕەسالە و مەقالە و چیرۆک وشیعرەو هەریەکەی لە بواری جیاوازدا، لە دەست یەک کەس دێ؟ ئەویش لەو دنیا پڕ لە تەنگ و چەڵەمەیەی کە کاک ئەحمەد بە چاو دیویە و تێیدا ژیاوە. ئاخرین شتی کە لە بەر دەستی دا بوو وەرگێڕانی کتێبی کلیلە و دەمنە بوو، جارێ روون نیە بە کوێی گەیاندوە . نووسراوەکانی رەنگە بۆ هەمیشە لە رەدیفی باشترینەکانی ئەدبیات و مێژووی کورد دا بمێننەوە.

تەسەلوتی بە سەر زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیسی و تا ڕادەیەک زمانی عەڕەبیش تەنیا لە بەکار هێنانی ئەو زمانانە بۆ وتووێژ و قسە کردن نەبوو بەلکوو شناختێکی قووڵ و زانستیی لە ریشەی مێژوویی،ساختاری دەستووری ، ئەدەبییات ،

خاڵەکانی بە هێز و لاوازی هەرکام لەو زمانانە ، تواناییەکانیان ،بەرهەمە ئەدەبیەکانیان و سیماناسراوەکانیان هەبوو. بۆیە کاک ئەحمەدی قازی تەنیا زمانزان نەبوو بەلکوو زمان ناسێکی بە توانا بوو و ئەو لیهاتووییەش لە ناوەرۆکی بەرهەمەکانی دا و ئەو مەتڵەبانەی لەو زمانانە هەڵی بژاردوون بە روونی دەردەکەوێ. ئامرازی ناسینەوەی جوانیی لە زمان دا، بەکار دەهێنا بۆیە هەرچی دەینووسی دەینەخشاند و جوان دە ردەهات.

قازی ئەحمەد, ناسناوێک بوو کە بۆناساندنی خۆی بە کاری دێنا رەنگە مە بە ستی لەو بژاردەیە بێجگە لە نیشاندانی رێز و عەلاقەی بۆ پێشەوا ئەو هێمایەشی تێدا بووبێ کە وەک قازیی نەمر وەفاداری وسەر لە رێ دابوونی خۆی بۆ رەوتی ئازادی کورد و کوردستان بخاتە بەرچاو چونکە کوردێکی رووناکبیری ئازادیخوازبوو و ئەو کالآیە پر بە بالآی بوو.

نێوی کاک ئەحمەد ی قازیم هەر لە تەمەنی منداڵیەوە بیستبوو هەم بە هۆی پێوەندی خزمایەتی نزیکی دەگەڵ دایکم وئەو باسانەی لەو پێوەندیەدا دەهاتە گۆرێ ، هەم وەک ئوستادێکی بە قەدر و قیمەت و رەبیسی ئیدارەی فەرهەنگ کە لە بۆکان هێندێک ئاموزای لە خۆم بە تەمەنترم دەرسیان لە کن خوێندبوو وتاریفی کەسایەتی و پلەی زانست و زمانی خۆش و هەستی ئینسانییان دەکرد. هەم لە رێگای ئەو باسانەی لە نێوبنەماڵەی خۆمان دالە سەر بارودۆخی کوردستان دەکرا. دوو کەس لە مامەکانم لە زیندانی قزلقەلعە دەگەڵی هاوبەندبوون هەر کات باسی بیرەوەریەکانی زیندان کرابا باسی کاک ئەحمەد دەهاتە گورێ. لە رێگای قەسیەدەیەکی دوور و درێژیشیەوە کە سەهۆڵبەندانی زستانێکی ساردی مهابادی هێناوەتە بەرباس و باسی کەس و کار و دۆستانی خۆی وەک ئاغای سالارو براکانی و کاکە شینە و کاک عومەری ئامۆزای و حاجی حەسەنی وزندەرێ و حەکیم ومەمی خان و مەلامهدی دەکا لە گەڵ زەوقی ئەدەبی و هونەری قسەخۆشی و هۆندنەوەی داهێنەرانەی وشەی کوردی و زمانی تەنز لە ئەدەبیاتی کوردی دا دیسان کاک ئەحمەدم ناسیوەتەوە .

چەند ساڵ پێش شۆڕشی ئێران لە شاری کەرەج لە گەڵ کاک یوسفی برای چووبووینە سەیرانگایەکی دەرەوەی شاری ، کاک ئەحمەدیش دەگەڵ توبا خانمی خێزانی، کچی مەرحوومی سەدری قازی لە تارانەوە هاتبوون،هەوەڵ جار لەوێ دیومە و هەرچی بە

تاریف بیستبووم لەو دیدارەدا کەوتە بەرچاوم . ئەوەندەی شیعر و مەتەڵ و ریوایاتی مێژوویی لەو زمانانەی دەیزانی لە بیربوو و ئەوەندەی بە هۆی موتالەعە و سەفەری زۆر و دیتنی دنیا و جیهان بینی خۆیەوە قسەی خۆش و داستانی شیرینی پێ بوو پیاو لە مەساحەبەت و مەجلیس و وتووێژ دەگەڵی تێر نەدەبوو.

لە دوای شۆرشی ئێران لە دەورانێک دا کە موشاوری کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دێموکرات بوو و بەرپرسایەتی هەیئەتێکی دەکرد کە بۆ پشتیوانی لە حزبی خەلقی موسولمان و ئایەتوڵلا شەریعەتمەداری و گەلی ئازەربایجان ناردرابووینە تەورێز دەگەڵ قودرەتی ئیستدلال و شێوەی تەوزیح و توانایی بە سەر مەتڵەب و مەوزووعاتێکی کە دەهاتە گورێ ئاشنا بووم و کەسبی فەیزم کردوە.

قازی ئەحمەد لە دوای شۆڕشی ئێران بە بڵاوکردنەوەی دوو بەرهەمی تازە کە نیسبەتەن هاو زەمان بڵاو بوونەوە گەنجینەی ئەدەبییاتی کوردیی دەوڵەمەندتر کرد. یەکیان کتێبی باقە بێن کە بەرهەمی فکری خۆی بوو. ئەوی دیکەیان کتیبی موش و گوربەی عوبەیدی زاکانی بوو کە لە فارسیەوە وەریگێڕابۆوە سەر زمانی کوردی و بە نێوی کتک و مشک بڵاوی کردەوە.

موش و گوربە مەنزوومەیەکی 174 بەیتیە و مەربووتە بە قەڕنی هە شتەمی هیجری و دەورانی تاخت و تازی تەیمووری گورکانی. دەورانێکە پڕ لە رووداوی غەم هێنەر و کارەساتی دڵتەزێن و شەڕی خوێناوی و موسیبەتی هەمەجۆر و دارمانی بنیاتی کۆمەلگابە گشتی. تەیمور لە قەتل و عامی خەڵکی سیستان دوو هەزار دیلی بە زیندوویی لە نێو دیوارنا، چوار هەزار ئەرمەنیی لە جێیە کی دیکە زیندە بە چاڵ کرد، سەدهەزار دیلی هیندیی لە دەروازەی دیهلی سەر بڕی. شارەکانی حەڵەب و دمشقی قەتڵی عام کرد. شاری تکریتی کە ئەو کات کوردنشین بوو خاپوور کرد و زیندەوەری تێدا نە هێشت . حەفتا هەزار کەسی لە ئیسفەهان کوشت و کەللە منارەی لە سەریان دروست کرد . حافزکە هاوعەسری تەیمورە ئەو تاریکەسەلاتەی جەهل و جنایەتە دەبینێ و هاوار دەکا :

از هر طرف که رفتم جز حیرتم نیفزود

زینهار از این بیابان و ین راه بی نهایت

اندر شب سیاهم گم گشت راه مقصود

از گوشه‌ای برون آی ای کوکب هدایت

یا لە جێگای دیکەدا دەڵێ :

سینە مالامال درد است ای دریغا مرهمی

دل ز تنهایی به جان آمد خدارا همدمی

زیرکی را گفتم این احوال بین خندید و گفت

صعب روزی، بوالعجب کاری ،پریشان عالمی

آدمی در عالم خاکی نمی‌آید بدست

عالمی دیگر بباید ساخت و از نو آدمی

شیعری حافز سەبکی هیندی و قالبی غەزەلە . لەو چوارچێوەیەدا دەگەڵ ئەوەی مەجمووعەی غەزەلەکە مەوزووعێک بەیان دەکا هەر بەیتەش بۆخۆی سە ربە خۆ مەعنایەک دەدا و دەکرێ مەتلەبێکی خاریج لە مەوزووعی کوللی غەزەلەکەی لێ ئیستنبات بکری. بێجگە لەوە سەنعەتی ئیهام و جناسی لە زۆر بوار دا بە کار هێناوە . دەگەڵ ئەوەی زیهنی خوێنەر بەرەو لاهوت و مەلەکوت دەبا مەنزووری ناسوت و ئەو رووداوانەیە کە لە دەورووبەری روودەدا.

سێر جان مولکم دەنووسێ :

تەیمور بە شەشسەد حەوسەد هەزار لەشکر کە دەیان پەرست ئیعتینایەکی بە خەیالاتی باقیی چینەکانی کۆمەڵ نەبوو. مە بەستی ئەو نێو بانگی بەرز و سەرزەمینی فراوان بوو. بۆ گەیشتن بەو مەنزوورەش گوێی لێ نەبوو ولاتێک دەگەڵ خاک یەکسان دەبێ یا نەتەوەیەک بێ گیان دەکرێ . تەیمور وای نیشان دەدا کە باوەڕی بە شەریعەت هەیە و هەوڵی ئەنجام دانی مەلزوماتی مەزهەبی لە فکردایە. ئیحترامی عولەمای دەگرت و ئەوانیش بەرامبەر بەو ئەنعامەی دەیدانێ دەیانکوت :

خودای تەعالا ملکی سەلاتینی دیکەی داوە بەو . ئەو قسەیە هەمیشە بە سەر زاری تە یمورەوە بوو ، وادیاربوو یا لێی ببوە باوەڕێکی بە هێز یا پێی وابوو کوتنی لە سەر مێشکی خەڵک بێ کار کرد نابێ.

لەو سە ردەمە تاریکە دا کێشەی ئەمیران ودەسەڵاتدارانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێرانیش لە سەر بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و پەرەدان بەمەنتەقەی نفووزیان وەکوو فاکتۆرێکی دیکە ژێرخانی ژیانی خەڵکیان خاپوور کردبوو. لە وڵاتی بەڵا خێزی ئێران دا جەبباران زەمانە کۆمەڵ کۆمەڵ مەزلوومان و پامالٚ کراوانی شار و دێی یان بە ئاوری فیتنەی خۆیان دەسووتاند و وێرانە و کاولیان لە پاش خۆیان بە جێ دەهێشت.

داستانی موش و گوربە یەک لەو رووداوانەیە لە بەینی ئەمیر موبارزەدین موزەفەر حاکمی کرمان و یەزد وشێخ ئەبوئیسحاقی ئینجوحاکمی شیراز روویداوە. موبارزەدین موزەفەر بە سەفاکی بە نێو بانگە . دەلێن هەمیشە لە سەر بەرماڵ دادەنیشت و سەری دەقورعاندابوو و ئەو کەسانەی بە مەرگ مەحکووم کرابوون بۆیان دێنا و بۆخۆی سەری دەپەڕاندن و دوایە دەچۆوە سەر بەرماڵ و قورعان خوێندنەکەی.

شێخ ئەبوو ئیسحاق ئینجو حاکمی شیراز بە ئەدیب نەوازی و ئینسان دۆستی بە ناوبانگە و مەمدوحی حافز بوە. لە زەمانی ئەمارەتی ئەو دا شیراز باشترین دەورانی تەرەقی و ئاوەدانی و ئازادی بە خۆوە دیوە. لەو شەڕەدا شێخ ئەبوو ئیسحاقی ئینجو بە دیل گیرا و پاشان بە فەرمانی موبارزەددین کوژرا . ئەو رووداوە لە دیوانی حافز دا رەنگی داوەتەوە . حافز شیوەن دەکا و ئاوا شینی بۆ دەگیرێ.

یاد باد آنکه سر کوی توام منزل بود

دیده را روشنی از خاک درت حاصل بود

راست چون سوسن و گل از اثر صحبت پاک

بر زبان بود مرا آنچه ترا دردل بود

آه از آن جور و تطاول که درین دامگه است

آه از آن سوز و نیازی که درآن محفل بود

دردلم بود که بی دوست نباشم هرگز

چه توان کرد که سعی من و دل باطل بود

دوش بر یاد حریفان به خرابات شدم

خم می دیدم خون در دل وپا در گل بود

راستی ، خاتم فیروزه بواسحاقی

خوش درخشید ولی دولت مستعجل بود

دیدی آن قهقهه کبک خرامان حافظ

که ز سرپنجه شاهین قضاغافل بود

له داستانی موش و گوربەدا ئەمیر موبارزەدین موزەفەر له هەیئەتی گوربەدا دەردەکەوێ . ناوبراو له بەر غورور و خۆ بەزل زانی موخاتیبەکانی خۆی به گوربه بانگ کردوه. مەزلوومان و پامالٚ کراوانی کۆمەلیش لەو کتێبەدا له لیباسی مشکدا هاتوونه مەیدان.

از قضای فلک یکی گربه     بود چون اژدها به کرمانا

شکمش طبل و سینه‌اش چو سپر  شیردم و پلنگ چنگانا

گربه چون موشکان بدید بخواند  رزقکم فی سماء حقانا

ناگهان گربه جست بر موشان   چون مبارز به روز میدانا

له داستانی موش و گربەدا ستەمکاریی گوربه له لیباسی دین و شەرع دا تەقبیح دەکرێ . کردەوەی دژی گەلیی جەببارانی کۆمەل کوژ به زمانێکی ساده وەک له فۆلکلۆری زۆر له نەتەوەکاندا هەیه دێته بەرباس و له قاو دەدرێ و ئاخوندنمایی مەزهەبی و جەوهەری هێزی دژی گەلی مه حکووم دەکرێ . هەروەک چۆن بێ خەبەری و بێ هودەگی تاکەکانی کۆمەلیش دەهێندرێته ژێر پرسیارەوە. مەنزووری عوبەیدی زاکانی ئەو پەنده کۆمەلایەتی و سیاسییەیه که به گوێی خوێنەری هەلٚ دێنێ.

جان من پند گیر ازین قصه   که شوی در زمانه شادانا

غرض از موش و گربه برخواندن  مدعا فهم کن پسر جانا

دەسەلاتی ئەمیر موبارزەدین محەمەد له شیراز شەوە زەنگی ئیستبداد و خەفەقانی موتلەقی به سەر خەلٚکی ئەو شارەدا سەپاند که حافز له چەند غەزەل دا ئیشارەی پیدەکا:

اگرچە بادە فرحبخش و باد گلبیز است

بە بانگ چنگ مخور می کە محتسب تیز است

صراحی ای و حریفی اگر بە چنگ افتد

بە عقل نوش کن کە ایام فتنەانگیز است

در آستین مرقع پیالە پنهان کن

کە همچو چشم صراحی زمانە خونریز است

بە آب دیدە بشوییم خرقە ها از می

کە موسم ورع و روزگار پرهیز است

سپهر برشدە پرویزنیست خون افشان

کە ریزەاش سر کسری و تاج پرویزاست

قازی ئەحمەد هەر دووک بەرهەمەکەی بە زمانی تەنز بڵاو کردەوە. تەنز لە عالەمی ئەدەبییات دا جۆرێکی تایبەت لە بەرهەمی نەزم و نەسرە کە رەخنە و ئیراد لە شکلێکی پێکەنین هێنەر دا دەخاتە بەرچاو . لە راستیدا تەنز هونەرێکە کە نەگونجانی پێوەندەکۆمەڵایەتیەکان لە بواری جۆراوجۆردا کە زاهیرەن ناموتەناسیبن دەخاتە روو. هونەری تەنز نووس ناسینەوەی جوانیی ئەو ناموتەناسب بوونەیە. زمانی تەنز تەنیا زمانی کتێب خانە و تیپێکی تایبەتی نیە بەلکوو لە دەرباری شاهان و محرابی مزگەوت و تەکیە و خانقاش سەر دەردێنێ و میوانی هەموو قاوەخانەیەکە و بە هاسانی لە نێو کۆمەڵدا بڵاو دەبێتەوە.

بڵاو بوونەوەی ئەو دوو بەرهەمە سەرنجی تیپی کتێب خوێنی کوردی هەم لە باری شکڵ و هەم لە باری ناوەرۆکەوە بۆ لای خۆی راکێشا و قسەو باس و رانان وموجادەلەیەکی زۆری لێکەوتەوە.

لە پێشەکیەکی کورتی کە کاک ئەحمەد بۆ کتێبی باقە بێنی نووسیوە دەفەرموێ:

نووسینی چیرۆک و داستان ئەویش بە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیەوە دە زبانی کوردی دا کارێکی تازەیە و هێشتا شێوەیەکی لە بار و لە دەستان خۆش بۆ ئەو مەبەستە یانی چیرۆک و پەخشان نووسین پێک نە هاتووە.

دە رابردوودا، هەڵبەست و هۆنراوە زیاتر سەرنجی رووناکبیر و نووسەرە کوردەکانی رادەکێشا چونکوو دەهەل و مەرجی کوشت و بڕ و هەڵاتن و رێکەوتن دا کە گەلی ئێمەی تێدا ژیاوە باشترین چوارچێوە بۆ دەربرینی هەست و بیر، هەڵبەست و هونراوە بووە. هەر کوتە کاغەزێک دەتوانێ هەڵبەستێکی دەخۆیدا جێ بکاتەوە و گەرمێن و کوێستان بکا و دەستاودەست بگەڕێ و فکر و بیری هونەرەکەی بە گەل و کۆمەڵ رابگەیەنێ.

بە پێچەوانەی هەڵبەست ، چیرۆک و داستان نووسین ، تۆژینەوە و کاری زانستی، دەهەل و مەرجی تەنگەبەری ژیانی پڕ مەرارەتی رابردووی گەلەکەماندا نەیتوانیوە چوارچێوەی پێویست بۆخۆی دابرێژێ بە تایبەتی زمانی کوردی لە ئێراندا هێشتا ئەو جۆرەی کە پێویستە نەرم و شل و خۆش نەکراوە و هەر وەک هەویرێکی هەڵ نەهاتووی نەشێلدراو نانی جوان و گەڵاگەڵای لێ نایە.

کاک ئەحمەد لەو دوو بەرهەمەی دا بێجگە لە دەوڵەمەند کردنی ئەدبییاتی داستانیی لە زمانی کوردی داهەم بە شکڵی نەزم و هەم بە شکلی نەسر، لە باری ناوەرۆکیشەوە دوو پەیامی روون پێشکەش بە کۆمەلگای کوردەواریی ئەو سەردەم دەکا. دەلێی زەرورەتێکی کۆمەلایەتی و سیاسی دەبینێ کە راست لەووەختە دا ئەو کتێبانە بڵاو بکاتەوە و بەتاڵاییەکی فیکری پێ پڕ بکاتەوە. راسیونالیزم و خیرەد گرایی وەک هێزیکی گەورە پاڵ پێوەنەرێتی. لە باقەبێن دا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە دەخاتە بەرباس کە ئەو کات لە مهاباد و دەوروبەر ی دا لە ئاڕادابوون و بە چاوی رەخنەوە هەڵیان دەسەنگێنێ و دەیەوێ سەرنجی خەڵک بۆ ئەو دیاردانەی کە بە ناحەز و نەگونجاویان دەزانێ ، رابکێشێ . لە کتک و مشکیش دا ناوەرۆک و کرداری دەسەڵاتی دینیی وسەرەرۆ، بە پشتیوانی فاکتی مێژوویی دەخاتە بەرنەزەری خەڵک و بەرپرسان . لە راستیدا کتێبی کتک و مشکی کاک ئەحمەد خاریج لە لێکدانەوەی تێکۆشەرانی سیاسی، هەوەڵین ئەغیار کەرەوەیە سەبارەت بە سەلبی ئازادی و ئیستبدادی دینی کە لە مەیدانی فەرهەنگ و ئەدەب دا خرا بەرچاوی خەڵک.

کاک ئەحمەدی قازی لە ڕێگای کتک و مشکەوە ڕووداوە کانی ئەو سە ردەم و ئەوەی بە نێوی دین کرا لە مێژووەوە دەیگوێزێتەوە عەسری حازر بە تایبەت کە دەسەڵاتیی دینیی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە کردار دا هەمان تەیمور و موبارزەدینی ئەو سەردەم بوون .

ئاوڕێکیش دەدەینەوە سەر باقە بێن و دەبینین :

قەڵەمی سیحرامیزی قازی . سادە، بە بێ هیچ گیروگرفتێکی کەلامی بە جوانترین وشە بە تەوسیفی پڕ لە جوانیی دیاردە کانی دەوروبەریداهاتوە و ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی مهابادا دێتە گۆرێ ، خستویەتە بەرچاو ئەویش بە وشەی کوردیی ڕەسەن کە لە دەریای پڕ بەرەکەتی وشە و زاراوەی زمانی کوردی هەلیهێنجاون نەک وشەی دروست کراو یا داتاشراو یا دوور لە زمانی کوردی . باقە بێن پڕەداستانی جۆراوجۆر لە مەتەبی دوکتوری ددانسازەوە بگرە تا مام حەسەنی هەژار و برسی و ددان خرابوو،باغەوانی بە تەماعی دوکتور ،کادری ڕێکخراوی سیاسی ،مرۆتی خێزانی باغەوان، ئافەتی دارەسێو، خەونی ناخۆش، کێشەی مەنگوران ، دابەشکردنی باغ تا باوەمەری شووڕای شارو بابەتی دیکەی لەو چەشنە کە پیاو پێی سەیرە چۆن ئەو هەموو مەتڵەبە لەو کتێبە چکۆڵەیەدا گونجاوە. لە 74 لاپەرەدا کە بارستایی کتێبەکەیە خەسلەتە چاک و خراپەکانی کۆمەڵ ، ئارەزو و ڕەنجەکان، مەوجە ڕەوانیەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵ دا ، تەبعە جۆراوجۆرەکانی خەڵکەکە لە تابلۆی بەدیع و کەم وێنەدا رازاوەتەوە. بروانینە چەند نموونەیەک:

مام حەسەن لە سەر سەندەڵی ددان کێشان دانیشتبوو. ماشێنی ددان کێشان وەک دەزگای گیان کێشانێ لە بەر دەمی قوت ببۆوە وە دێوەزمەیەکی تووڕە و تۆسن دەچوو کە سەد گاز و نەشتەر و درێشوکە و تەناف و کەمەندی بە شان و پیلی دا هاتبوونە خوارێ میلەیەکی ئە ستووری قەف قەفی ئاسنین وەکوو باسکی دێوی هاتبۆ سەرسەری مام حەسەن . چرایەکی پڕ نوری پێوە بوو کە ڕووناکاییەکی زۆری ڕشتبوە سەر دەمو چاوی و مام حەسەن چاوی لە بەری هەڵنەدەهات. جاروبار دوکتور پێی لەسەر پێداڵێک دادەگرت و چوار پێنج درێشووکە وگاز و دوگمە دەستیان دەکرد بە هەڵبەز هەڵبەزو هاشە هاش .مام حەسەن چاوی لێ زەق دەبۆوە و لە ترسان زبانی نەدەگەڕا.

لە جێگایەکی دیکە دا دەڵێ:

شاری مهاباد زۆری ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆ مەڵایەتی بە سەر هاتبوو . شار کەوتبوە دەست خەڵک . خەڵک بە ئازادی قسەی خۆیان دەکرد. حزب و دەستە و کۆمەڵی جۆراوجۆر لە سەراسەری کوردستان دا پێک هاتبوون . ڕۆژ نەبوو خۆپێشاندان و کۆبوونەوە و راە پەیمایی لە شاردا نە بێ .باسی ئازادی و خودموختاری و نەهێشتنی چەوسانەوە و زوڵم و زۆر بۆ مێشکی سەرکوت کراوی گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد لە هەموو دەنگێک دڵگر و خۆشتر بوو.

مام حەسەن لە گوندەکەی خۆیدا زیاتر لە هەموو کەس حەزی لەو بەزم و هەرایە دەکرد .ڕۆژ نەبوو خۆی دەشاری رانەکا ولەو کۆبوونەوە و خۆپێشاندانانەدا بەشداری نەکا. زەمانی پێشەوای باش وەبیر دەهات.

بڵیند گۆیەک لە بەر دەرکی فەرمانداری بەرەو خەڵک زاری کردبۆوە. جار جار خڕەخڕێکی لێ دەهات . لە پڕ لاوێکی عەینەکی ، باریکەڵەی ردێن درێژ هاتە پشت میکرۆفۆن و بە دەنگێکی کز و لەرزۆکەوە کوتی :بە پێی ئەو هەواڵانەی بە سازمانی ئێمە گەیشتوە تاقمێک لە فێئوداڵە مەنگوڕەکان کە بە درێژایی مێژوو لە سەر شێوەی زەمین داریی گەورە هەزاران هێکتاریان زەوی داگیر کردوە بۆ درێژەدان بە چەوسانەوەی وەرزێرە خۆشەویستەکان دەگەڵ هێندێک لە لومپەن پڕۆلتێرەکان دەستیان کردوە بە ئاژاوەنانەوە لە ناوچە ، دیارە ئەوەش پێوەندێکی ئورگانیکی دەگەڵ پیلانەکانی گشتیی جیهانیی ئەمپریالیزمی خوێن خۆر بە سەرکردایەتی ئەمریکا هەیە.

کاک ڕەحیم رووی کردە عەزیز و کوتی :

دەقسەکانی ئەو برادەرەی ناگەم. من بە جێت دێڵم. شەوێ وەرە بۆم بگێرەوە. بە لایەکی دا فیزماڵکی دایە و زۆر کەسی دیکەش بە بۆڵەبۆڵ دەستیان کرد بە بڵاوە کردن.

لەو دوو تابڵۆیەدا جیاوازی زمان لە بە کارهێنانی وشەکاندا بە تەواوی دەردەکەوێ بەلام ئەوەی عەزیز وخەڵکەکە لێی حاڵی نابن و بڵاوە دەکەن هەر رواڵەتی زمان نیە بەلکوو ناوەرۆکی مەسەلەکەیە . خەڵکی وەک مام حەسەن بۆیە دێنە مێتینگ و خۆپێشاندان چونکە زەمانی پێشوایان لە بیرە و مەبەستیان لەو لە بیربوونە دەم و دەزگای دەوڵەتی کوردیە وەک مەجلیس و هەیئەتی وەزیران وسپای میللی .

ساختارێکی نەتەوەیی کە هووییەتی گەل و نەتەوەی دەخستە بەرچاو و هەوڵی یەکگرتوویی دەدا و پێیان وایە ئەوشتە دووپات دەبێتەوە بۆیە واچالاکن. بەلام لێرە ئەو دەم و دەزگا و هوییەتە لە گورێ دانیە و نابیندرێ ، رێکخراوێکی سیاسی و کادرەکەیەتی کە ئەو ئیتلاعاتە سەرنج راکێشەی پێ گەیوە وخەڵکەکە لێی حاڵی نابن و بڵاوەی دەکەن.

تەنزی زەمانە ئەوەیە ئەوکات کە دەسەڵات بە دەست خەڵکەوە بوو ، هەموو شارەکان شورای شاریان هەبوو دەکرا لە کۆی ئەوشوورایانە مەجلسێکی نەتەوەیی پێک بێ و لە رێگای ئەو مەجلیسەوە هێژمونی گشتی دەستەبەر بکرێ و نهادێکی نەتەوەیی وەکوو گەرمێنی کوردستان و رۆژاوای کوردستان دابمەزرێ بەڵام لە باتی ئەوە هەوڵی هێژمونی رێکخراوی سیاسی دراو لە پێناوی ئەوەدا نیهادی نەتەوەیی وە پشت گوێ خراو ئامراز و ئامانج جێ گۆڕکێی پێکرا.

کتک و مشک و باقەبێنی کاک ئەحمەدی قازی و پێکەنینی گەدای کاک حەسەنی قزڵجی لە پایە سەرەکیەکانی زمانی تەنزن لە ئەدەبیاتی کوردیدا . کورد سێ هەزارساڵ لە ئەدبییاتی مەکتووب مەحرووم بوە . لە دەورانی پەهلەوەی هەوەڵ و دووهەم دا نووسینی بە کوردی مەجالی پێ نەدراوە. پیاو تووشی ئەو پرسیارە دێ کە ئەو سێ کتێبەی نێویان هات چۆن ئاوا بە رازاوەیی و جوانی و رەوانی خوڵقاون و بۆ ئەو خوڵقاندنە چ زەمینەیەک بە دەستەوە بووە.